# سلێمان عەبدالله یونس لە سەنتەری گەنجانی رانیە
# بەرپرسیاریەتی گەنج لە کۆمەڵگای مەدەنیدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە



**لە هێڤارەوە**
Hevar_1@yahoo.com

لە کۆڕێکی تری رۆژانی پێنج شەممەی سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیەدا ( سلێمان عەبدالله یونس) بەرپرسیاریەتی گەنج لە کۆمەڵگای مەدەنیدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە , ئەمە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2007/7/26 کاتژمێر 6 ئێوارە لە باخچەی سەنتەر بە ئامادەبوونی قایمقامی قەزای رانیە و نوێنەری رێکخراوەکان و رێژەیەکی زۆری گەنجانی کور و کچ , بەشی رۆشنبیری سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە هەڵسا بە سازدانی کۆرێکی رۆشنبیری بۆ نوسەر و رووناکبیر ( سلێمان عەبدالله یونس ) لەسەر (بەرپرسیاریەتی گەنج لە کۆمەڵگای مەدەنیدا) کۆرەکە لە لایەن (سدیق عەلی) بەرێوە براو سەرجەمیش ماوەی 2 کاتژمێری خایاند . لە ناوەرۆکی بابەتەکەدا ئاماژە بە رۆڵی گەنجان درا لە ژیانی کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگادا, هەروەها باس لە جیهانگیری و شێواز و پێکهاتەکەی کۆمەڵگای مەدەنی و گروپەکانی فشار وکرا و سیستەمی چەند وولأتێك و رۆڵی گەنجانیان خرایە روو ,تەوەری بابەتەکە ئاراستەی فراوانی بە خۆوە گرت بۆیە دوا بە دوای کۆرەکە گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر بابەتەکە کرا. ماوەتەوە بگوترێت لەو کۆرەی سەنتەریش دووبارە رەخنەیەکی زۆر لە دەسەلأتی سیاسی کوردی گیرایەوە کە سەردەمی پاساو هێنانەوە نەماوە و پێویستە لە پەروەردە و سیستەمی دەولەتەوە گۆرانکاریەك بە ئاراستەی گەنج و گەنجبینیدا بکات و دەرگا بە رووی گروپەکانی فشاردا بکاتەوە کە لە خزمەت کۆمەڵگای مەدەنیدان .